# رۆحێك سەراپا لە موزیك

ن: بیار بیارەیی

میرزاده مرۆڤێكی رۆح سپی لێوان لێو له عەشقی موزیك، سەدایە سەراپا لە فۆلكلۆر و چاوگەیەك له ئاوازی رەسەنی كوردی، ئەو دەست و پەنجەیەی بۆ یەكەمجار تۆنەكانی دەنگی مامۆستا زیرەكی خستە سەركەمانچەكەی، كەمانچەیەك هەر ساتێك گوێمان لێدەبێت دەمانكاتە هاورای پەپولە بۆ سەماكردن لەگەڵ لەنجەی گوڵ و هەڵژینی بۆنی خۆشی هەڵاڵە، دەمانباتەوە هەوارە دڵفرێنەكانی سروشت و مەستمان دەكات بە هاژەی تاڤگەیەكی بەهاری، چەندە دیمەنێكی جوانە پەنجە سیحراوییەكانی تۆ ئاوێزانی نەغمەیەكی زیرەك یان سۆزە پر لە نەشئەكەی خالقی دەبن، وەك ناڵەی بولبولێكی شەیدا كە مەعشوقەكەی لێی تۆرابێت و هاواری گەرانەوەی بكات، وەك دڵۆپە شەونمێكی دەم بەیان كە لێوی گوڵ ماچ دەكات، وەك فێنكی كانیاوێك كەراز و عیشوەی چەندین كچی لە ناخیدا حەشاردابێت دەرژێنە رۆحی تینوو وماندوومانەوە، ئەوساتانەی پەنجەكانی تۆ لەسەر ژێیەكانی ئەكەونە سەما چاوە مەستەكانت لێك دەنێیت و ئارامی و روناكی ئەبەخشیتەوە بەكوچە تاریكەكانی دڵمان، تۆو موزیك لە ئەزەلەوە پێكەوە لەدایك بوون، بۆیە لێكچوییەتییەكی هێندە بێگەرد و شیرینن مەحاڵە مرۆڤ بە ئاسانی لێكتان جیابكاتەوە.

، میرزاده ئەو ڤیۆلۆنیستە بەتوانایەی نێو گەنجینەی هونەری كوردی سەردەمێك كە ئەو خولیای موزیك بوو، كۆمەڵگاكەی موزیك بەلایەوە تاوان بوو، بۆیە باوكی هەرگیز پێی خۆش نەبوو رۆژێك لە رۆژان ببێتە ژەنیار. وەك زۆر جار كەوانی ڤیۆلۆنەكەی لە میرزاده شاردۆتەوە تاوەكو ببێتە رێگر لەبەردەمیدا، بەڵام ئەو خۆشەویستییە بێ سنورەی ئەو بۆ موزیك زۆر لەوە بەهێزتربوو كە كەسێك یان چەند كەسێك بتوانن ببنە بەربەست لەبەردەمیدا، بۆیە دەیووت منیش بەناچاری پشتی شانەم بەكاردەهێنا لەبری كەوانەكەم.

له راستیدا ئەمەش لایەنێكی گرنگی ژیانی ئەم هونەرمەندەیە، كە ڤوتابخانەیەكە پرە لە وانەی باوەر بەخۆبوون و هەوڵدانی بەردەوام وەك چۆن دەیوت:" عەشقی مرۆڤ بۆ هەر شتێك لە چەندین بەرگی كتێبدا نانوسرێتەوە".

ئەوەشی كە لە پشت هەموو ئەمانەوە بوو هەر ئەو عەشقە باڵایە بوو كە تێكەڵاوی شادەمارەكانی جەستەی بووبوو و تاكۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا ژیا. پاش ئەمە قۆناغێكی دیكەی ژیان دەست پێدەكات ئەویش ئەوەیە كە دەچێتە تاران بەمەبەستی خوێندنی موزیك تا ئەو دەمەی ئیتر ئەتوانێت بە ئاسانی ئاوازەكانی ناخی بژەنێت، ئیدی لێرەوە ژوانە هونەرییەكانی لەگەڵ گۆرانیبێژاندا دەست پێدەكات، كە هەر لە مامۆستا حەسەن زیرەكەوە بگرە تاوەكو مامۆستا علی مەردان و پاشان مامۆستا مەزهەری خالقی و فەتانەی وەلیدی و عەزیزی شارۆخی و ناسری رەزازی و... هتد.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا دووبارە هاتەوە كوردستان لەگەڵ هونەرمەند حسێنی شەریفی چەندین ئاوازی خۆشی دایەوە بەگوێماندا، چەند مانگێك پێشئەوەی ماڵئاواییمان لێبكات چەند كارێكی جوانی بۆ خانمە هونەرمەند( كانی ) كردوە، كە بەم زووانە لە بەرهەمە تازەكەیدا لە رێگەی رادیۆ نەواوە بڵاودەبێتەوە. لایەنێكی دیكەی ژیانی میرزاده كاركردنیەتی لەگەڵ گۆرانیبێژە فارسەكانی ئێران وەك ( هایدە، مەهستی، ئیرەج، گولپا، سوسن، گوگوش، معین...هتد) پاش ئەمانەش تواناكارییە هونەرییەكانی میرزاده هەر لە بواری گۆرانیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵكو ئەكشێ بەرەو موزیكی فیلم كە لێرەشدا جێ پەنجەی دیارە كە مۆسیقای بۆ زیاتر لە ٥٨ فلیمی فارسی داناوە، كاركردنی زیاتریش لە موزیكی فارسیدا قەت نەبۆتە هۆی كەمتەرخەمی لە بەرهەمە كوردییەكانیدا یان لە كورد بوونی ئەم هونەرمەندە كەم بكاتەوە، بەڵكو ئەمەش دیسانەوە گەورەیی ئەم هونەرمەندەمان بۆ دەردەخات.

بەداخەوە كۆتا ژوانی هونەری ئەم مامۆستایە كۆتایی فیستیڤاڵە موزیكییەكەی ساڵی پاری شاری سلێمانی بوو، ئەو زۆر بەهێمنی ماڵئاوایی لێكردین، هەرچەند ئەو بە ئەسپایی هەنگاوی ئەنا بەرەو لوتكەی جوانییەكان، بەڵام مەخابن مەرگ زۆر بێرەحمانە بووە دەست لە ملانی حەزەكانی. چەند سەیر بوو مامۆستا كەس لە نهێنی ئەم سەفەرەت نەگەیشت، چونكە تۆ و مەرگ هەرگیز ئەوەندە تامەزرۆی دیداری یەكتر نەبوون، بەڵام مامۆستا موجتەبای میرزاده پاش ٦٠ ساڵ لە داهێنان، پاش ٦٠ بەهار بەخشینەوەی بۆنی نێرگز بۆ دواجار له ٢٠٠٥/٧/١٧ دوور لە زێدی باووباپیرانی دوور لە كرماشانی رەنگین، بۆ یەكجاری ماڵئاوایی لە ئێمە و لە مەعشوقەكەی (ڤیۆلۆنەكەی) كردو بووە میوانی گۆرستانی هونەرمەندان لەشاری تاران. هەمووومان دەبێت باش لەوە بگەین كە هونەری كوردی قەرزاری دەست و پەنجەی رەنگینی ئەم مامۆستایەیە، بۆیە دوای تێپەربوونی ساڵێك بەسەر كۆچی پر لە حەسرەتی ئەم كەڵە هونەرمەندەدا سەرەرای دانەواندنی سەری رێز و نەوازش بۆ رۆحی پاك و كارە هونەرییە ناوازەكانی، جێگەی خۆیەتی مەراسیمێك رێكبخرێت بۆ رێزگرتن لە ماندووبوون و ناساندنی بەرهەمە شیرینەكانی، ئەمەش پێم وابێت ئەركی سەرەكی یەكێتی هونەرمەندانە. بەتایبەتی موزیكژەنەكان.



میرزاده